كۆلێژی یاسا

# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

جوارشەممە Sunday 2018/4/22 - ژمارە (8) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە كۆلێژی یاسای زانكۆی ئیشك دەردەچێت


# چەندین چالاكیی كولتووری و زانستی فێستیڤاڵی بەهارەی زانكۆی ئیشك دەڕازێننەوە

**پەیامنێری (شایان):**

وەک نەریتی ساڵانەی زانکۆی ئیشک، لە چوارچێوەی چالاکییە کولتووری و زانستییەکانیدا بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ، سەعات ١٠:٣٠ی بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی نیسان، لە گۆڕەپانی زانکۆی ئیشک فێستیڤاڵی بەهارە بۆ زمان و کولتوور و زانست ساز دەدرێت.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە بە (شایان)ی ڕاگەیاند: "ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو، زانکۆی ئیشک فێستیڤاڵی بەهارەی خۆی بۆ زمان و کولتوور و زانست ڕێک دەخات".

ڕوونیشی کردەوە کە چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکە بریتی دەبن لە نمایشکردنی دادگای گریمانەیی کە لە لایەن قوتابیانی بەشی یاساوە ڕێک دەخرێت، هەروەها پرۆژەی زانستی و ڕۆشنبیری و کەلەپووری و هونەریی قوتابییانی دیکەی زانکۆی ئیشک، وێڕای خستنەڕووی نەریت و فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوە و گەلان و وڵاتانی دونیا، کە پێشبینی دەکرێت کەلەپووری پتر لە بیست وڵات و گەل و نەتەوەی جیاوازی تیدا نمایش بکرێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە گرنگترین چالاکیی ئەو فێستیڤاڵە ئەوە دەبێت کە بەشێکی بەرچاو لە قوتابییان، خواردن و خواردنەوەی کوردەواری و میللی دروست دەکەن و بەرامبەر بڕێک پارە دەیفرۆشنەوە و داهاتی ئەم چالاکییە بۆ کاری خێرخوازی دەبێت بۆ بەهاناوەچونی لێقەوماوان.





## قۆناغی چوارەم دوا وێنەی دەرچوونیان گرت



ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/٩ بە بەشداریی قوتابیانی قۆناغی چوارەم، بە ڕێوڕەسمی تایبەت دوا وێنەی دەرچوونیان گیرا.

هەروەها ڕۆژی شەممەی هەفتەی دوای ئەو، ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/١٤ تاقیکردنەوەی (میدتیرم)ی کۆرسی دووەمی قوتابیانی قۆناغی چوارەم دەستی پێ کرد و لە ڕۆژی پێنجشەم ٢٠١٨/٤/١٩ تاقیکردنەوەی گشت قۆناغەکان کۆتایی پێ هات.

سەروتار



## ساڵانێك لەنێو ڕۆژنامەگەریدا

**هیرۆ ئیسماعیل عارف**

ئەمڕۆ ١٢٠ەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردییە، ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسردا واتە دوور لە خاکی کوردستان، بڵاو کرایەوە. ئەوە کورتترین باسە لەسەر مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی، چونکە بۆ کورد بواری ڕۆژنامەوانییش هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تری ژیان کە بەدرێژایی مێژووی ئەم نەتەوەیە، بەشی هەر چەوساندنەوە و نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە و ماڵویرانی و شۆڕش ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران بووە، ئەمەی باسی دەکەم تا ئێستاش بە شیوازی جیاواز بەردەوامە، لە سێ پارچەی (باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) بوونی کورد و زمان و مێژوو و کولتوورەکەی ڕەت دەکرێتەوە، لەم بەشەش کە کوردستانی باشووە، چەوساندنەوە و ماف زەوتکردنی کورد لەناو چوارچێوەی وڵاتێکدا کە ناوی (عێراق)ە لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە تا ئێستەش بەردەوامە.

با بێمەوە سەر باسی ڕۆژنامەگەری و میدیا، میدیا تاکە بوارە کە توانیویەتی هەموو لایەنەکانی ژیان وەکوو کۆمەڵایەتی، یاسا، ئابووری، سەربازی، سیاسی، کولتووری، هونەری، تەندروستی، وەرزشی و ئیتر هەرچییەکی لەبارەی ژیانەوە بێت کۆی بکاتەوە و باسی لێوە بکات و کاریگەری بەسەر ژیانی خەڵک و بەڕێوەچوونی وڵاتدا دروست بکات، هەر بۆیەش میدیا بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناو دەبرێ دوای هەرسێ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری). بەڵام ئایا لە کوردستاندا میدیا توانیویەتی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم؟ ئەزانم هەر کامێکتان بیخوێننەوە لای خۆتانەوە دەڵێن (نەخێر)، بەڵام من دەڵێم (بەڵێ) توانیویەتی ببێتە ئەو دەسەڵاتەی کە ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە گۆڕانکارییە ئەرێنی و نەرێنییەکاندا، بەڵام ئەم ڕۆڵە لەبەر هۆکارێکی زۆر گرنگ، هەستی پێ ناکرێت.

بۆیە پرسیار ئەمەیە: بۆچی هەست ناکرێت لە هەرێمی کوردستان میدیا وەکوو دەسەڵاتێک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ سەرەتا پرسیارێک بکەین: لەناو ئەم هەرێمەی ئێمەدا کە پڕە لە ململانێی حزبی و، ئەجیندای دەرەکی بەردەوام ئەم ململانێیە وەکوو چێشتی مجێوەر تێک دەدات، ئایا سێ دەسەڵاتەکەی تر توانیویانە ڕۆڵی خۆیان وەکوو پێویست بگێڕن؟ لەمەیاندا منیش دەڵێم (نەخێر) کەواتە میدیاش وەکوو ئەوان گیرۆدە بووە، گیرۆدەی حزبەکانە، گیرۆدەی ململانێی سیاسییە، گیرۆدەی بەرژەوەندیی کەسەکان و لایەنەکانە، بۆیە زۆربەمان هەست بەوە ناکەین توانیبێتی وەکوو دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵ بگێڕێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لەگەڵ ئەو ئەزموونە کەمەی کە ئێمەی کورد لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لەچاو وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەمانە، ڕۆژنامەوانان و میدیاکارانی کوردستان، هەنگاوی گەورە و بوێرانەیان هاویشتووە و لەم ڕووەوە قوربانیی گەورەشیان داوە، ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بەراورد بکەین لە بواری ئازادیی ڕۆژنامەگەرییدا، حاڵی حازر کوردستان بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە، زۆر لە وڵاتانی دراوسێ باشترە، ئەمەش بەشێکی بۆ ئازایەتی و قوربانیدانی ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەگەڕێتەوە. میدیای کوردی ئیتر بە هەر شیوەیەک بێت، توانیویەتی دەست بخاتە سەر بەرپرس و نابەرپرس، وڵاتپارێز و وڵاتفرۆش، سەرکەوتنەکان و شکستەکان، پێشکەوتنەکان و پاشکەوتنەکان کە ئەمانە لەو وڵاتانی دراوسێماندا (تورکیا، ئێران، سووریا) بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، باسکردنیان بڤەیە.

میدیای کوردی لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەی تەمەنی دوور لە شاخ و تاراوگە، واتا ٢٧ ساڵە لەناو وڵاتەکەماندا کاری لەسەر دەکرێت، توانیویەتی ڕۆڵێکی کارا و گەورە بگێڕێت و کاریگەریی دەسەڵاتی چوارەمی هەبێت، هەر بۆیە ئێوەی قوتابیانی بەشی یاسا، ڕاستە لە بەشێکی گرنگ دەخوێنن، بەڵام نابێ تەنیا خۆتان بە خودی بواری یاسا و یاساکانەوە ببەستنەوە، بەڵکوو دەتوانن لە ڕێگەی میدیا و چالاکیی ڕۆژنامەوانییەوە پەرە بە بوارەکەی خۆتان و لایەنەکانی تری ژیانیش بدەن.

## سێیەمین كۆنفرانسی كۆلێژی یاسا

وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٠ کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی خۆی ببەستێ. بە قسەی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکە، کۆی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ ئەم کۆنفرانسە پێشکەش کراون لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە ٦٤ توێژینەوەیە و لەم توێژینەوانە ٤٨یان پەسەند کراون و ١٦یان ڕەت کراونەتەوە.

هەمان سەرچاوە ڕوونی کردەوە، توێژینەوەکان لە لایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارگەلی توێژینەوەکاندا هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ کراوە و بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) ئامادە کراون.

## چالاكییەكی مرۆیی قوتابیانی یاسا

لە چالاکییەکی مرۆڤدۆستی و مەیدانیی کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیشکدا، ڕۆژی پێنجشەممە ١٩-٤-٢٠١٨ قوتابیانی قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشی یاسا، سەردانی بنکەی چاکسازیی نەوجەوانی هەولێریان کرد و کۆمەڵێک کۆمەک و یارمەتییان پێشکەش بە بەندکراوەکانی بنکەکە کرد و لەنزیکەوە بە ڕەوش و بارودۆخیان ئاشنا بوون.

جێی گوتنە کە سەردانەکە بە سەرپەرشتیی مامۆستایان (د.عماد فتاح) و (م. عەبدوڵڵا شاخەوان) ئەنجام درا.



## چالاكییەكی ژینگەپارێزی

وا بڕیارە ڕۆژی یەکشەممە ٢٢-٤-٢٠١٨ قوتابیانی بەشی یاسا، بە هاوبەشی لەگەڵ قوتابیانی فاکڵتی بزنس لە چالاکییەکی ژینگەییدا بۆ هۆشیاریی ژینگەپارێزی بەشداری بکەن.

شایەنی باسە تیمەکەی بەشی یاسا پێکهاتووە لە قوتابیانی هەر چوار قۆناغەکە.

# میقداد بەدرخان.. رابەری رۆژنامەوانانی کورد

هەر کاتێ قسە بێتە سەر مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، دەبێ پێش هەموو کەس ناوی میقداد مدحەت بەدرخان و ماڵباتی بەدرخانیانی باکووری کوردستان بهێنین.

میقداد مەدحەت بەدرخان، کوڕی میر بەدرخان پاشایە، ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی نەزانراوە، میقداد مەدحەت بەدرخان ناوێکی ئاوێتەیە، ئەم شێوە ناونانە عوسمانییەکان و کوردەکانی ئەو سەردەمە لە فەرەنسییەکانیان وەرگرتووە بۆ ناونانی رۆڵەکانیان.

ساڵی ١٨٩١ بە هۆکاری سیاسی تورکیای بەجی هێشتووە و چووەتە میسر، رۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە یەکەم رۆژنامەی (کوردستان) بڵاو دەکاتەوە کە یەکەمین رۆژنامەی کوردییە و ئەو رۆژەش بووەتە جەژنی رۆژنامەنووسانی کورد. پاش ئەوە لە ترسی هەڕەشەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ئەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، بۆ ئەوەی لەسەر چالاکییەکانی ئەو، براکانی تووشی ئەشکەنجە و زیندانی نەبن.

ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ عەلی بەگی برای دا هەوڵ ئەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆش بکەن، بەڵام سەر ناکەون. هەندێک لە مێژوونووسەکان ئەڵێن میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێ بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی «ئیتحاد و تەرەقی».

ساڵی ١٩٠٦ لەسەر ئەو هەڵوێستەی لە تورکیا نەفی دەکرێت. ساڵی ١٩١٠ و ماوەیەک پاش راگەیاندنی حکوومەتی دەستووری لە ئەستانبوڵ لە دامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی)دا بەشداری دەکا و بەپێی هەندێ سەرچاوە، ماوەیەک کراوە بە موتەسەریفی شاری دەرسیم. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت، میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لەوەی کە یەکەمین رۆژنامەنووس و دامەزرێنەری بزاڤی رۆژنامەوانیی کوردییە، چاپخانەیەکیشی بە ناوی (چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان) لە قاهیرە دامەزراندووە، کە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی دێتە هژمار.

میقداد مەدحەت جگە لە زمانی خۆی و زمانی تورکی و عەرەبی، زمانی فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستاندا کارتێکی بە زمانی فەرەنسی بڵاو کردووەتەوە کە شارستانی بوونی عەقڵی میقداد مەدحەت بەدرخان نیشان دەدات.


کردستان



# حوسێن حوزنی موکریانی.. ژیانێك بۆ کورد و رۆژنامەگەریی کوردی

رۆشنبیری ناسراو و یەکێک لە رابەرانی رۆژنامەگەریی کوردی (حوسێن حوزنی موکریانی) لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی لە گوندی بوغدەکەندی نێوان شاری بۆکان و سەقزی کوردستانی رۆژهەڵات هاتووەتە دنیاوە.

حوزنی موکریانی بە یەکەم مێژوونوسی کورد دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا، لەم پێناوەدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی مێژوویی سەبارەت بە مێژووی کورد کە لە سەرچاوەکاندا بە زمانەکانی (عەرەبی، هیندی، تورکی، فارسی، فەڕەنسی و ڕووسی)دا هەبوون لەو دەمەدا، لەبەرئەوەی شارەزاییەکی باشی لەم زمانانەدا هەبووە هەر لەو زمانانەشەوە گەلێک نووسراوی بەپێزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

حوزنی موکریانی سەرەتا لای باوکی و خاڵەکانی خوێندنی لە حوجرەکان دەست پێ کردووە.

لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا ئاوارە بووە و چەندین وڵاتی بینیوە وەک (ڕووسیا، فەرەنسا، ئەفغانستان، سووریا، لوبنان، میسر، حیجاز) و وردە وردە بەو زمانانەی فیریان بووە خۆی رۆشنبیر کردووە.



جیا لەوە حوسێن حوزنی هەموو کوردستانی بن دەستی ئێران و دەسەڵاتی عوسمانیی ئەوسا گەڕاوە و گوزەرانی بە مۆرهەڵکەنی بەڕێوە چووە. ساڵی ١٩١٥ لە حەڵەب چاپخانەیەکی گچکەی پێکەوە ناوە، بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی سەبارەت بە ئەدەب و مێژوو و کولتووری کوردی.

شێخ عومەر وەجدی مامۆستای ڕەواقی ئەکراد لە ئەزهەر، لە نامەیەکدا بۆ مامۆستا گیو موکریانیی نووسیوە: "لە محەمەد عەلی عەونیم بیستووە گوتوویە: چاپخانەی حوزنیم لە حەڵەب دیتووە کە بابەتی ئەدەب و مێژووی کوردی پێ چاپ دەکرد. خەیاڵم بووە بچمە سوێرەک و سەر لە خزمان بدەم، بەڵام حوزنی ئەوەندەی کار تێ کردم وازم لە سەفەر هێنا و گەڕامەوە میسر و بڕیارم دا منیش چاو لەو پیاوە بکەم و خۆم بۆ خزمەتی مێژووی کورد تەرخان بکەم".




حوسێن حوزنی ساڵی ١٩٢٥ هاتووەتە شاری ڕواندزی کوردستانی باشوور و چاپخانەی (زاری کورمانجی)ی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٤٣ لە ڕواندز دوور خراوەتەوە و تا کۆچی کردووە لە بەغدا ژیاوە، حوسێن حوزنی لە ئەستەمبوڵ و حەلەبدا بەنهێنی چەندین گۆڤاری دەرکردووە، وەک (کوردستان، ئارارات، بۆتان، چیا کرمانج، دیاربەکر، سۆران) لە باشووری کوردستانیشدا ساڵی ١٩٢٦ گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی لە ڕەواندز دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٣٥یش لە هەولێر گۆڤاری (ڕووناکی)ی دەرکردووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا سەرپەرشتیی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی کردووە. جگە لەمانە نزیکەی یان پتر لە ٤٠ کتێب و دەستنووس و نووسراوی یادگاریی بەنرخی لەپاش بەجێ ماوە، حوسێن حوزنی لە ساڵی ١٩٢٦ چیرۆکی (خۆشی و ترشی) و (مەڕۆکە و بزنۆکە)ی چاپ کردووە.

ئەم رۆژنامەنووس و مێژوونووس و رۆشنبیرە مەزنەی کورد، ١٧ کتێبی گەورەی بە چاپ گەیاندووە کە یانزە کتێبیان لەسەر مێژووی کوردە، لەوانە (مێرگەی دڵان، خونچەی بەهارستان، پێشکەوتن، ئاوڕێکی پاشەوە، میرانی سۆران، کوردستانی موکریان، ناودارانی کورد، بە کورتی هەڵکەوتی دێریکی، لاپەڕەیەک لە دێریکی کوردستانی موکری). حوسێن حوزنی گەلێک کتێبی تریشی نووسیوە، بەڵام چاپ نەکراون، هەروەها لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەدا، سەبارەت بە ئەدەب و مێژووی کورد، بابەتی گرنگی نووسیوە.

# پیرەمێرد.. سەرنووسەری دووەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا

کەسایەتی و شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) یەک لەو کەسایەتییە رچەشکێنانەیە کە لە مێژووی رۆژنامەوانی و کولتوریی کوردا هەڵکەوتووە و بواژانەوەیەکی گەورەی بەو دوو بوارە داوە.

لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە شاری (قاهیرە)ی پایەتەختی میسر، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد و لە دوورە وڵاتی، لەلایەن بەدرخانیانەوە رۆژنامەی (کوردستان) بڵاو کرایەوە، هەر لەو ساڵەدا (پیرەمێرد) لەتەک دەستەیەک پیاوی هەڵبژاردەدا لە سلێمانیەوە بەرەو ئەستانبوڵ کەوتنە رێ، ئەودەم پیرەمێرد تەمەنی ٣١ ساڵ بوو، بەڵام سەفەرەکەی چارەکە سەدەیەکی خایاند، کاتێ بینی ئەو تاقە رۆژنامە کوردییەی لە میسر دەردەچێ، لە تورکیا بڵاوبوونەوەی قەدەغەیە و بەنهێنی تاک تاکەی رۆژنامەکە دەگەیشتە دەست رووناکبیرە کوردەکان. دوور نییە ئەو عەشقەی رووناکبیرانی کورد بۆ رۆژنامەی کوردستان و بوونی ئەو جەور و ستەمەی سوڵتان عەبدولحەمید بەرامبەر بە رۆژنامە و رۆژنامەنووسان وای لەم تۆفیقەی خەڵکی سلێمانی کردبێ، خولیای رۆژنامەنووسی بێت، ئاخر پیرەمێرد نووسیویەتی: «خوا هیمەتی بەدرخانیەکان بەرقەرار بکات کە زینەتی لاپەڕەی کوردەوارین و فێرکاری گەل و نیشتمانن».

لە پایزی ساڵی ١٩٠٨دا رۆژنامەی (کورد)ی زمانحاڵی (جەمعیەتی سیاسیی کورد- کورد تعالی و ترقی جمعیتی) دەرچوو، ئیمتیاز و بەڕێوەبردنی بە حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێرد) سپێردرا، ئەم رۆژنامەیە بە کوردی و بە تورکی دەرچووە.

بەم شێوەیە رۆژنامەی (کورد) بە دووەمین رۆژنامە دادەنرێت لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

پیرەمێرد لە ماوەی ئەو چارەکە سەدەیەدا کە لە تورکیا مایەوە، چالاکییەکی دیاری لە بواری رۆژنامەنووسیدا هەبووە، جگە لە رۆژنامەکانی (ڕەسملی کتاب) و رۆژنامەی (کورد) و (مصور محیط) کە لە ئەستانبوڵ دەردەچوون، هەروەها لە رۆژنامەکانی (مەولان زادە) و (تان)ی فەڕەنسی و لە (شەفەقی سورخ) و (فەرهەنگ)ی ئێرانیشدا بابەتی بڵاو کردووەتەوە.

وەنەبێ هەر بەوانەوە وەستابێ، بەڵکوو سەروتاری بۆ رۆژنامەی (اقدام) و رۆژنامەی (سەربەستی)یش دەنووسی.

جگە لەوانەش لە رۆژنامەی (شمس)دا کە لە ئەستەمبوڵ سەید حوسێنی ئێرانی بە فارسی دەری دەکرد، هەروەها لە گۆڤاری (اجتهاد) پیرەمێرد بەشداریی نووسینی هەبووە.

لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبووڵدا شیعرو نوسین و وەرگێڕانی هەیە، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ لە ئەستەمبووڵ بە کوردی و بە تورکی دەرچووە.

پیرەمێرد پاش ٢٥ ساڵ دووری لە شەوی ١٩٢٥/١/٣١ بە شاری سلێمانی شاد بووەتەوە. لە رۆژنامەی (ژیان) لەبارەی گەڕانەوەی پیرەمێرد ئەم چەند دێڕە نوسراوە: «پیرێ لە موعتەبەرانی وڵات جەنابی تۆفیق بەگ تەشریفی هێنایە سلێمانی، عەرزی بەخێرهاتنی ئەکەین».

پیرەمێرد لە سلێمانی پۆست و پلە و پایەی حکوومیی نەویست، بەڵکوو خۆی بۆ رۆژنامەوانی تەرخان کرد.

ژمارە ١ی رۆژنامەی (ژیانەوە) لە ٨ی ئاگستۆس (ئاب)ی ١٩٢٤دا لە سلێمانی دەرچووە، پاش ماوەیەک راگیرا، بەدوایدا ژمارە ١ی (ژیان) لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا لە سلێمانی، وەکوو درێژەکێشانی (ژیانەوە) دەرچووە.

ژیان ٥٥٣ ژمارەی لەنێوان ١٩٢٦/١/٢١- ١٩٣٨/٣/١٠ لێ دەرچووە، ئەم ١٢ ساڵە بۆ رۆژنامەیەکی کوردی لەو سەردەمەدا لە رووی مێژووییەوە، درێژ و گرنگە، چەند کەسێک بەرودوا بەڕێوەیان بردووە، لە ژمارە (٣٢١-٥٥٣) پیرەمێرد سەرنووسەری بووە.

شەوی ٥ — ١٩٣٢/٥/٦ حسین نازم خاوەنی چاپخانە و رۆژنامەی (ژیان) کۆچی دوایی کرد، ستافی کار و رۆشنبیران روویان لە پێرەمیرد نا، شوێنی حسێن نازم بگرێتەوە، چونکە سێ ساڵ پتر بوو لە ڕۆژنامەکەدا کاری دەکرد، ئەوەبوو چاپخانەکە و ڕۆژنامەکەشی گرتە دەست، لە ژمارە (٣٢١) ەوە پیرەمێرد بوو بە (بەڕێوەبەری چاپخانەکە) و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان)، ئەم جارەشیان ئەو مووچەیەی کە شارەوانی بۆ ئەم وەزیفەیەی تەرخان کردبوو پیرەمێرد قبوڵی نەکرد، لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ١٩٣٤ چاپخانەکەی لە شارەوانی بەکرێ گرت و ئیمتیازی رۆژنامەکەشی بەناوی خۆیەوە وەرگرت و لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی دەرهێنا. لە ژمارە (٤٠٦)ەوە کە لە ١٩٣٤/٨/١٤ دەرچوو، رۆژنامەی (ژیان) بوو بە ڕۆژنامەی پیرەمێرد و مافی هیچ دەزگا و لایەنێکی میریی پێوە نەما، بەرەبەرە رۆژنامەی ژیان گەشەی کرد و خوێنەرانی زیاد بوو، بەڵام دامودەزگای دەوڵەت کەوتنە بەهانەگرتن لێی، لەدوای دەرچوونی ژمارە (٥٣٨) لە ١٩٣٧/٨/٣٠ رۆژنامەی (ژیان) بە بیانووی تەواوبوونی مۆڵەتی چاپخانەکەی لە لایەن موتەسەڕیفی ئەوکاتی سلێمانی کە زۆر لە رۆژنامەکە بە هەنجەت بوو، وەستێنرا. دوای (١٢) رۆژ بەپەلە کاربەدەستان بە فەرمانی موتەسەریف رۆژنامەیەکی تریان دەرکرد و ناویان نا (زبان)، مەبەستیان ئەوە بوو بڵێن: خۆمان چاپخانەکەمان پێویستە و بە مۆڵەتی نایدەینەوە، بەڵام پیرەمێرد ئاڵای سپیی هەڵنەکرد، خانووەکەی خۆی خستە رەهنەوە و لە بەغدا مەکینەیەکی چاپی کۆنی پێ کڕی و هێنایەوە بۆ سلێمانی و دایمەزراند، ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٢٠ ژمارە (٥٣٩)ی (ژیان) وەک جاری جاران دەرچوو. بەڵام زۆری پێ نەچوو راپۆرت نووسەکان هاتنەوە مەیدان لای (مەجید یەعقوبی) موتەسەریفی ئەو سەردەمی سلێمانی بۆیان تێ چاند کە گوایە (ژیان) دژی دەوڵەت و حکوومەت دەدوێ و هانی گێرەشێوێنی و ئاگرپەرستی دەدات. بەو شێوەیە لە دوای دەرچوونی ژمارە (٥٥٣) لە ١٩٣٨/٣/١٠ ئیمتیازی رۆژنامەکەیان لێ سەندەوە و چاپخانە شەق و شڕەکەشی کە بە قەرز و قۆڵە کڕیبووی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستی بەسەردا گیرا.


بەڵام پیرەمێرد بەم کردەیەی رژێم نەڕووخا، ملی رێگای بەغدای گرتە بەر، ماوەی ١٠ مانگ لە هاتووچۆ و هەوڵ و تەقەلادا بوو، دواجار بە هەوڵ و هیمەتی رووناکبیرە کوردەکان، ئیمتیازی رۆژنامەیەکی تری پێ درا، ئەم جارەیان بەیادی (ژین)ی ئەستەموولەوە رۆژنامەکەی ناو نا (ژین) بەڵام بۆ ئەوەی لەگشت لایەکی بگەیەنێ کە تەنیا ناوەکەی گۆڕاوە و ناوەڕۆک وەک خۆی وایە، نەهات (ژین) لە ژمارە یەکەوە دەربکات، بەڵکوو لەسەر زنجیرەی رۆژنامەی (ژیان) بەردەوام بوو، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٣٩/١/٢٦ دەرچوو، کە ژمارە (٥٥٤)ی لەسەر دانا.

* ئەم بابەتە لە توێژینەوەیەکی (هێرۆ خواکەرەم زۆراب) وەرگیراوە


ژیان
۲۵ شعبان ۱۳٤٦
۱٦ شباط ۱۹۲۸



# مادەی هۆشبەر
# هۆکارێك بۆ تاوان و کەمتەرخەمیی یاسا لەم بوارەدا



مستەفا هەمەوەندی
قۆناغی چوارەم - بەشی یاسا

بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و کەسانی ئالوودەبوو و بازرگانی کردن بەو مادانەوە، لەسەر ئاستی جیهان بووەتە دیاردە، هەرێمی کوردستانیش لەو دیاردە ترسناکە بێبەش نییە کە هەندێ کەس بە (ئەنفالی سپی) و (مەرگی سپی) ناوزەدی دەکەن.

یاسای عێراقی لەبارەی مادە هۆشبەرەکان و جۆری سزاکانیەوە، بەم شێوەیە ئاماژە پێ کردووە:

لەم یاسایەدا تەنیا مادەیەک کە باس لە باری یاسایی کەسی ئالوودەبوو بە مادەی هۆشبەر بکات، مادەی ١٤ بڕگەی ٢ کە بەپێی یاسادانەری عێراقی، سزای ٣ساڵ کەمتر نەبێت و ١٥ ساڵ زیاتر نەبێت، زیندانی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە ئەو مادە هۆشبەرانەی پێ بگیرێت، لە مادەی ٣ی ئەم یاسایەدا هاتووە و مەبەست لێی بەکارهێنانی تایبەتی بووە.

بەڵام لە بڕگەی ٧دا دەڵێت، دادگا بۆی هەیە (واتە حاڵەتەکە جیاوازە) لەجیاتی ئەوەی ئەو سزایە بسەپێنێت، فەرمان بدات بە دانانی کەسە ئالوودەبووەکە لە (مصحە) یان شوێنی تایبەت کە وەزارەتی تەندروستی دابینی کردووە بۆ چارەسەرکردن بۆ ماوەی ٦ مانگ. دواتر پێش تەواوبوونی ئەو ٦ مانگە، لەسەر داوای داواکاری گشتی یان خودی کەسە سزادراوەکە ئازاد دەکرێ، ئەگەر دەرکەوت باری تەندروستیی باش بووە بەپێی راپۆرتی پزیشکیی ئەو شوێنە.

بەڵام لەمڕۆدا لە کوردستان هەموو ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن، سزای ٣ ساڵ زیندانییان بەسەردا دەسەپێت و بڕگەی ٧ لە یاساکە جێبەجێ ناکرێت لەبەر نەبوونی شوێنێک یا سەنتەرێک بۆ چارەسەری ئەو کەسانە.



# لە چ کاتێکدا تەڵاق دەکەوێتە دەستی ئافرەت؟




ئاوارە عەبدولڕەحمان بەرزنجی
قۆناغی چوارەم - بەشی یاسا


ئایا ئافرەت بۆی هەیە لە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەو مافە بدات بە خۆی کە تەڵاق بە دەست خۆی بێت؟ یان ئافرەت هەیە بە ڕەزامەندیی پیاوەکە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا بڵێت کە تەڵاق بەدەست من بێت؟ رەنگە هەبێت و شتیکی یاساییشە،

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە پیاوەکە مافی تەڵاقدانی نامێنێت، بەڵکوو پیاوەکە هەر کاتێک خۆی بیەوێت دەتوانێ ئافرەتەکە تەڵاق بدات، بەڵام لەپاڵ پیاوەکە، ئافرەتەکەش ئەو مافەی دەبێت و بەبێ گەڕانەوە بۆ پیاوەکە دەتوانێت خۆی تەڵاق بدات.

سروشتی یاسایی ئەو بابەتە، ڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێک دەڵێن سروشتی وەکالەی هەیە، واتە پیاوەکە ئافرەتەکە دەکات بە وەکیلی خۆی بۆ تەڵاقدان، هەندێکی تر دەڵێن سروشتی ڕێپێدان (تفویض)ی هەیە، واتە پیاوەکە دەسەڵاتی تەڵاقدان دەدات بە ئافرەتەکە بۆ ئەوەی خۆی خۆی تەڵاق بدات. ئەمەش بەپێی مادده ٦ بڕگەی ٥ لە یاسای باری کەسیی عێراقی.



# زانیاری لەبارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە



هێدی هێمن
قۆناغی دووەم - بەشی یاسا









کۆمارێکی دەستووریی فیدراڵییە کە لە پەنجا ویلایەت و یەک هەرێمی فیدراڵ پێکهاتووە، دەکەوێتە نێوان ئۆقیانووسی ئارام و ئاتلانتیکەوە، لە باکوورەوە لەگەڵ کەنەدا و لە باشوورەوە لەگەڵ مەکسیکدا هاوسنوورە و ویلایەتی واشنتۆن پایتەختی ئەم وڵاتەیە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٧٧٦ زایینی بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و یەکگرتنی ١٣ داگیرکراوی بەڕیتانیای گەورە پێکهاتووە. حکوومەتێکی دەستوورییە کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی بنیات نراوە کە تێیدا مافی کەمینەکانیش لەلایەن دەستوور و یاساوە پارێزراوە.

حکوومەت بەپێی یاسای بنچینەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە سەرەکیترین یاسای وڵاتە، لەسەر بنەمای جودایی هێزەکان دانراوە، تا ئەم کاتەش زمانی تایبەتی و فەرمی نییە بۆ ئەمەریکییەکان، سەرەڕای ئەوەش لە کۆنگرێسی ئەمەریکا بەهۆی زۆریی قسەکەران بە ئینگلیزی، بە زمانی سەرەکیی ئەمەریکا هاتە هەڵبژاردن.

ئەم وڵاتە ٩.٨٣ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە پانتاییەکەیەتی و نزیکەی ٣٠٨ ملیۆن حەشیمەتەکەیەتی، پاش ڕووسیا و کەنەدا سێیەمین وڵاتی گەورەی دنیایە، دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمەریکا، پێیان وایە کە ١٢٠٠ تا ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستە، لە کیشوەری ئاسیاوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە نوێیەوە. لە ڕاستیشدا شوینەواری شارستانیەتێکی کۆن لە قەراغ ڕووباری میسیسیپی دۆزراوەتەوە کە پیشەیان کشتوکاڵ بووە.

ئەگەرچی پاش هاتنی ئەورووپییەکان بۆ ئەم وڵاتە، بەهۆی هاتنی نەخۆشییە نوێکانەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆریان تیاچوون. بۆ یەکەم جار ئەورووپییەکان لەسەر دەستی گەڕیدەی ناودار کریستۆف کۆلۆمبس لە ساڵی ١٤٩٢دا کاتێ لە ژێر فەرمانی پاشای ئیسپانیادا بوو، گەیشتە دوورگەکانی کاڕائیب. چاویان بە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمەریکا کەوت، کە مەبەست لەو گەشتە، گەیشتن بە وڵاتی هیندییەکان بوو. کاتێ گەیشتنە ئەو وڵاتە بە هیندیان دەزانی و دانیشتووەکانی بە هیندی ناسران.

پاش ئەوە هەریەک لە وڵاتانی دیکە بە سوپایەکەوە لە گۆشەیەکی ئەو وڵاتە دادەبەزین و پارچەیەکیان دەکرد بە بەشی وڵاتی خۆیان: وەک ئیسپانیا، هۆڵەندا، فەڕەنسا. ئێستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیستەمێکی ئابووریی سەرمایەداریی تێکەڵی هەیە کە بە سەرچاوەی سروشتیی فراوان و ژێرخانی بەهێز و کولتووری بەرهەمهێنەری دەوڵەمەند کراوە.

بەپێی سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە داهاتی ناپوختی ١٥.١ تریلیون، لە سەدا ٢٢ی هەموو داهاتی ناپوختی دنیای بە خۆی تەرخان کردووە. ئەم ژمارەیە بەپێی حەشیمەتی وڵاتەکە، پلەی ٩ی لە دنیادا ڕادەست کردووە بۆی لە داهاتی ناپوختی ناوەکی. دۆلار، دراوی ئەمەریکا، سەرەکیترین دراوی سەرانسەری دنیایشە.

سەپەرشتیار: راگرایەتیی کۆلێژی یاسا

Şayan

شایان

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

هاوکاران:
عەبدوڵڵا شاخەوان
هۆگر حەیدەر

# لەبارەی رۆژنامەوانییەوە چی گوتراوە؟

– سێ رۆژنامە لە سەدان هەزار لێدانی رم زیاتر دەمترسێنن.... ناپلیۆن

– وا پێدەچی رۆژنامەکان نەزانن رووداوێکی پایسکیل و دارمانی شارستانییەت لێک جودا بکەنەوە!.... بێرنارد شۆ

– ئەگەر وریا و هۆشیار نەبیت، خویندنەوەی رۆژنامەکان وات لێ دەکەن رقت لە خەڵکی چەوساوە بێت و ئەو کەسانەت خۆش بوێت کە زوڵم دەکەن و خەڵک دەچەوسێننەوە...ماڵکوم ئێکس

– دوایین خزمەتگوزاری کە رۆژنامە و گۆڤارەکان پێشکەشیان کردووە ئەوەیە کە خەڵکیان فێر کردووە بە بێمتمانەییەکی زۆرەوە چاپەمەنییەکان بخویننەوە... سەمۆئیل بیتلەر


– لە ئەمریکا سەرۆک چوار ساڵ حوکم دەکات، بەڵام رۆژنامەگەری بۆ هەتا هەتایە لەسەر حوکمە.... ئۆسکار وایڵد

– ئەگەر تۆ رۆژنامەکان ناخوێنیتەوە ئەوە نەفامیت، بەڵام ئەگەر دەیخوێنیتەوە ئەوە چەواشەکراویت.... نووسەرەکەی دیار نییە

– رۆژنامەوان بۆ وەدەستهینانی زانیاری ئەگەر دەرگای لێ داخرا، دەبێ هەوڵ بدات لە پەنجەرەوە بڕواتە ژووری، ئەگەر رێی پەنجەرەشی نەبوو، پێویستە لە کونی دەرگاوە بڕوات، ئەگەر ئەوێشی نەبوو دەبێ لەسەر دیوارەوە ئاودیو بێت.... رۆژنامەنووسێکی ئوسترالی

– رۆژنامەگەری ئامێرێکە مەحاڵە تێک بشکینرێت، چونکە بەردەوام کار لەسەر رووخاندنی دنیای کۆن دەکات تا دنیایەکی نوێمان بۆ وەدی دێنێ.... ڤۆڵتێر

– ئەگەر ئێمە بێ پەرلەمان بین زۆر باشترە لەوەی بێ رۆژنامەگەریی ئازاد بین، وا باشترە لە بەرپرسیارێتیی وەزارەت و ئازادیی تاکەکەس و مافی دەنگدان بێ بەش بین، نەک لە ئازادیی رۆژنامەگەری، چونکە ئەگەر ئیمە تەنیا خاوەن رۆژنامەگەرییەکی ئازاد بووین، ئیتر ئەو ئازادییە هێدی هێدی ئازادییەکانی ترمان بۆ دەهێنێ.... نووسەری بەریتانی چریدان



## داوای قەرەبووی بێ ژنی دەکات

ژنێکی ئەمریکیی دانیشتووی لۆس ئەنجلوس، داوای دوو ملیۆن دۆلار دەکات لە بازاڕگەی جێ سی، ئەوەش لەپای ئەوەی لەگەل ژنێکی تری کڕیاردا لەسەر کڕینی پەیکەرێکی بچووک بووەتە شەڕیان و ژنەکەی تر هەموو ئازای ژنە داواکارەکەی تێک شکاندووە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە مێردی ئەو ژنەش کە لێی دراوە، بەبێ ئەوەی لە شوێنی رووداوەکە بووبێت، داوای یەک ملیۆن دۆلار قەرەبوو دەکات، چونکە لەو ماوەیەی ژنەکەی لەژێر چارەسەری شکان و برینەکانی لێدانەکەدا بووە، ئەم پیاوە (داماوە) لە خزمەتگوزارییەکانی ژنەکەی بێبەش بووە!



## ئەخلاق




فەرمان شێخ عەبدولڕەحمان
قۆناغی چوارەمی - بەشی یاسا

ڕۆژانە چەندین جار گوێبیستی وشەی «ئەخلاق» دەبین، هەموومان لە ئاخاوتنەکانیشماندا بەکاری دەهێنین. ئەگەر لەبارەیەوە پرسیاریشمان لێ بکرێت، زۆرینەمان جگە لەوەی کە نازانین بەشێوەیەکی زانستی و عەقڵانی وەڵام بدەینەوە، چەندین نموونەی ناڕاست و لابەلا دەکەینە ئامانج بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لەبارەی ئەخلاقەوە ئاراستەمان کراوە. سەیرە کە کۆمەڵگەیەک لە واقیعدا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئەخلاقەوە نازانێت، بەڵام مێژوویەکی خوێناویی هەیە لەگەڵ وشەی ئەخلاق و رۆژانە بە ژن و پیاوەوە قوربانی دەستی پرسە ئەخلاقییەکانین.

دەکرێت بپرسین کۆمەڵگەی ئێمە چۆن لە ئەخلاق تێگەیشتووە کە وا بەئاسانی ئەخلاق بە یەکێک دەبەخشێت و کەسێکی تریش بەبێ ئەخلاق ناو دەبات و هەموو پێوەرە ئەخلاقییەکانی لێ دەسێنێتەوە؟

لە کتێبی فەلسەفە و ژیان و لە باسی فەلسەفەی ئەخلاقیدا، ئەخلاق بریتییە لە زنجیرەیەک پرەنسیپ و یاسا کە ڕێوشوێنێکن ڕێنوێنیمان دەکەن لە کردەوەکانماندا، لە مامەڵەکردنمان لە تەک ئەوانی دیکە، بگرە لە مامەڵەکردنمان لە تەک زاتی خۆمان، دەستووره ئەخلاقییەکان پێمان دەڵێن پێویستە چی بکەین؟ بۆ نموونە "وا مامەڵە لە تەک ئەوانی دیکە بکە وەک ئەوەی کە دەتەوێ مامەڵەت لەتەکدا بکەن" یاخود (هەمیشە ڕاستی بڵێ).

دڵنیام لەوەی کۆمەڵگەی ئێمە و ئەندامەکانی لە کاتی بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەخلاق، ئەو قسە و گفتوگۆیانەی لەبارەی ئەخلاقی ئەوانی دیکەوە دەیکەن، هیچ نییە جگە لە بەشێک لە پرۆسەی تێنەگەیشتن لە چەمکی ئەخلاق.



## کەی سەردەکەویت؟

سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، ئەو دەمە نایەتە دی کە تۆ دوژمنەکەت لەسێدارە بدەیت، بەڵکوو ئەو کاتە دێتە دی کە بیروباوەڕی لەناو ببەیت.



## حەوت کاتژمێر و حەوت رۆژ

بەسەر بردنی ٧ کاتژمێر لە بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی بەدیهێنانی ئامانجەکانت، ئەنجامەکەی زۆر باشتر دەبێ لەوەی ٧ رۆژ بەبێ ئامانج و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت بەسەر بەریت.

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێك دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێك لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت

shayannewspaper@gmail.com